# نامەی کارل مارکس* بۆ ئابراهام لینکۆڵن *

( ئەم نامە بەشێوەی ئەدەبیاتی کۆن ، کلاسیک و سوننەتی لە نۆامبری ساڵی ١٨٦٤ زاینی نوسراوە، هەر بۆیە تەرجومەکەی ئاسان نە بوو )




وەرگێڕ : ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی

یەکەمی ئوکتوبری٢٠٢١

جەناب !

ئێمە بەشارۆمەندانی ئامریکا بۆ هەڵبژاردنی دوو بارەی ئێوە بە زۆرینەیەکی بەرچاو وگەورە ، پیرۆز بایی دەڵێن . ئەگەر هەڵبژاردنی ئێوە لە دەوری هەوەڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە گرەوی ڕاگەیاندنی ئێرادە بۆ بەرەنگاری و بەرخودان لە بەرانبەر دەسەڵاتی کۆیلەداری بوو، نیشانە و ئاوینەی سەرکەوتنی ئێوە لە دەوری دووهەمدا، هاواری سەرکەوتنی مەرگ بە سەر کۆیلەداریە.

بەدەس پێکردنی شەر و ناکۆکی لە ئامریکای بەربڵاو و گەورە ( شەڕی نێو خۆیی ) ، چینی کرێکاری ئوروپا بەهۆ و دەلیلی غەریزەی چینایەتیەکەی تێگەیشت کە ئاڵای نقومەسار لە ئەستێرەکانی ئامریکا ، چارەنووسیان لە گەڵ خۆی هەڵدەگرێت . ئایا لەڕاستیدا کێ برکێ و بەرەنگاری لە سەر دەڤەرگەلێک کە شەڕی نێو خۆییان دەس پێکرد، لە سەر ئەوە نەبوو کە ئەو ناوچە نوێ و بەربڵاوانە کە بە ئێشی کرێکارانی کۆچبەر کە بە لەش فرۆشی کیشراون ، بونیاد نرابوو ، تا لە ژێر مامێزو چەکمەی کویلەداران کەوێت ؟

کاتێک ئۆلیگارشی* کۆیلەداران ٣٠٠ هەزار کۆیلە بەخۆیان شەهامەتیان دا، کە لە ساڵ نامەکان" کۆیلەداری" وەک شیعار و دیسکورسی" نافەرمانی چەکدارانە" دژی ئارمان و بیری دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیک لەسەد ساڵی پێشوو بنوسن و بخەن ،لەو کاتەدا کە کاردانەوەکانی " ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ "بەچڵە پۆپەی شۆڕشی سەدەی هەژدەیەم تەشەنەی کردو بناغەدانەرانی" نافەرمانی چەکدارانە " ی دژی شۆڕش بە خۆشحاڵی ترسنۆکانەوە و لە شێوەی هێرشێکی سیستماتیک هاواریان کرد کە " بیر و هزرێک کە نزیک بە سەدساڵی پێشوو بە فورمی پەسەند کراوی یاسایی دەرهاتبوو ،

هەلوەشایەوە و کۆنەیە " و بەڕاگەیاندنی ئەوەی " کۆیلەداری ئۆڕگانێکی بناغەیی قازانج و قازانج کردنە " و بەم جۆرە لە ڕاستیدا کۆسپی بنەڕەتی و گیر و گرفتی سەرەکی " پەیوەندی کار و سەرمایە " ی خستە بەر چاوی شارۆمەندان ، ئەو کاتە کە ئەم کاڵ فام و خۆ بەزل زانانە ، ئارەزوومەندانە هاواریان کرد کە " مالکیەت " لە " جەوهەری مرۆڤ " ، "بەردی بناغە وپلانی نەزمی نوێیە " ، ئەو کاتە و تەنیا ئەو کاتە بوو کە چینی کرێکاری ئوروپا، تەنانەت فرە بەر لەوەی چینە باڵا دەستە خۆپارێز و کۆنە پارێزەکانی ئەشرافی فیئودال هات و هاواری بێ هیوای خۆیان سەبارەت بەم دیاردەیە دەس پێبکا ، تێگەیشت و هەستی کرد کە " نافەرمانی کۆیلەداران " و " شۆڕش" یان بەئاشکرا نیشانەی دەس پێکردنی شەر و جیهادی پیرۆزی مالکیەت دژی ئوردووی کارە . چینی کریکاری ئوروپا تێگەیشت کە هەموو هیواکانیان بۆ داهاتوو و تەنانەت دەسکەوتەکانی ڕابوردوویان لەو بەرەنگاریە گەورەیە لەو لای ئوقیانوس، لە بوار وبەستێنی هەڕەشەی جیددی کەوتوە .

لیرەدا بوو ، کە چینی کرێکار لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپا بە خێرایی و بە پەلە بە هەڵگرتنی ئازار و ڕەنج گەلێک کە هاوکات لەگەڵ " قەیرانی پەموو " بەسەریاندا داسەپێبوو ، بە مەیل و ئارەزوو دڵخوازانە دژی دەخالەت وتێهەلقورتانی لایەنگرانی کۆیلەداری، ئەم تاڵان کەرانەی خۆشی و مافی ژیان و بژیوی چینی کرێکار ، دەستیان دایە خەبات و بە بەخت کردنی گیانیان و پێشکەش کردنی خۆینی خۆیان ، بەشی خۆیان لەم بەرخودان و شەڕە عەدالەتخوازانە و چارەسازە ، جێ بەجێ کرد .

ئەمە ڕێک لە بارودۆخێکدا بوو کە چینی کرێکار، ئەم هێزە واقیعی وبێ خەوشانەی دەسەڵات و هیژمونی سیاسی لە " باکوور " ، بەر لە رەش پیسانی کۆیلە ئیجازەیان دا ، کە لە خۆ فریو دانێک سەبارەت بە سیستەمی کۆیلەتی ، خۆیان تەسلیم کەن و ئازاری ویجدانی خۆیان بەم خورافە و کۆنەپارێزییە سوکنایی بدەن و بە هات و هاوار و درۆ ڕابگەیەنن کە کرێکارانی سپی پێس لەم دەسکەوتە تایبەت و بەنرخە بەهرەمەند بوون، کە خۆیان بەدەسەڵاتدارانێک بفرۆشن کە خۆیان " مافی " " هەلبژاردنیشیان " هەبووە .

بەم جۆرە کرێکارانی سپی پێس نەیانتوانی بەئازادی واقیعی چینی کرێکار بگەن و لە گەڵ هاو چینەکانی خۆیان لە ئوروپا لە بەستێنی خەباتێک بۆڕزگاری، پەیوەندی ویەکگرتوویی پێک بێنن و دامەزرێنن. بەڵام بە خۆشیەوە ئەم کۆسپ و ئاریشە گەورەیە و ئەم خالە لاوازە بڕ بڕە شکێنە ، لە شەپۆلەکانی دەریای سوور و خوێنینی شەڕی نێو خۆیی، گسک دراوە. چینی کرێکاری ئوروپا دڵنیایە هەروەها کە " شەڕی سەر بەخۆیی" ئامریکا دەورانێکی نوێ بۆ پێگەیشتنی چینی ناوەنجی دەس پێکرد ، بەم جۆرە " شەری ئامریکایەکان دژی کۆیلەداری " هەمان کاراکتر و دەوری بۆ چینی ئەو هەیە .

ئەم چینە تێگەیشتوە کە شەڕدژی کۆیلەداری لە وڵاتی " ئابراهام لینکۆلن " ، ئەم کوڕە لێبڕاوەی چینی کرێکار لە پێشەوەی خەباتی جەماوەرەکەی ، بۆ پچڕانی زەنجیری کۆیلەتی ، پێشڕەوانی بەرخودان و شەڕەکانی داهاتووی چینی خۆی ،بۆ دامەزراندنی نەزمی جیهانە .

لە لایەن مارکسەوە لە نێوان ١٢ تا ٢٩ نڤامبری ساڵی ١٨٦٤ی زاینی نوسراوە .

کۆتایی

.....................................................................

ئولیگارشی : حکومەتی تاقمێک پارەدار و دەسەڵاتدار Oligarchy*

Karl Marx (1818- 1883)

: بیرمەند و نابغە،فیلەسوف، ژۆرنالیست ،مێژووزان ،ڕخنەگری ئابوری ، ئومانیست و مرۆڤ دۆست ،ڕخنەگری هێزی کار ،بیرمەندێکی بواری کۆمەڵناسی بوو . بەناو بانگ ترین نوسراوەی کتێبی " کاپیتاڵ" ە .

Abraham Lincoln(1809-1865)

: یاسازان ، سیاسەتمەدار، سەرۆک کۆماری ئامریکا،ساڵی ١٨٦٥ لە واشینگتون دی -سی کوژرا ، لە ماف و رزگاری ڕەش پێستەکانی ئامریکا پشتیوانی کرد و قارەمانی شەڕی نێو خۆیی ئامریکایە.